

# هۆی خۆکوشتنی ژنان

ناسر ئەزەغ/سویس
٢٠٠٥/١٢/٢١

هەروا کە ئەزانین کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵات، بە تایبەت رۆژهەڵاتی ناوەراست کۆمەڵگایەکی لاسایی کەرەوەی خۆرئاوان، مافەکانی مرۆڤی تێدا پێشێل دەکرێت.
کۆمەڵگای ئێمەیش یەکێک لەوانەیە کە مافە ئینسانیەکانی تێدا بە تەواوی پێشێل دەکرێت. لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی مافی ئافرەت لە هەموان زیاتر پێشێل کراوە. لەم کۆمەڵگایەدا ژن بە نیوەی پیاو حیسابی بۆ دەکرێت. حەقی تەڵاق و جیابونەوە بە دەستی پیاوە  و ژن هیچ دەسەڵاتێکی نیە. ئیش و کاری ناوماڵ و خزمەت بە پیاو و منداڵ بەخێو کردن لە ئەرکە دیاری کراوەکانی ژنە و پیاو هیچ یارمەتی و هاوکاریەکی ناکا.
لاواز لەقەڵەم دانی ژن بۆ کار و باری دەرەوەی ماڵ و ئیجازە نەدان بەوەی کە ژن خۆی بۆ پۆستە سەرەکیەکانی نێو کۆمەڵگا هەڵبژێرێت.
رێگری کردن لەوەی کە کچ نەتوانێ بە خواستی خۆی هاوسەری ژیانی خۆی هەڵبژێرێ و ... ئەمانە چەن هۆیەکن بۆ جیاوازی بونی ژن و پیاو لە روانگەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران.
کاتێک بیر کردنەوەی دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگایەک لەم ئاستەدا بێت، هیوا بە بەرەو پێش چونی ئەو کۆمەڵگایە کەم دەبێتەوە. لە نەتیجەدا ئەرک و قورسایی سەرشانی رۆشنبیران و ئازادیخوازانی ناو کۆمەڵگا زیاد ئەکات.
قەیرانی جیاوازی ژن لەگەڵ پیاو نە تەنیا لە لایەن یاساوە بە راشکاوی پێشێل ئەکرێ بەڵکو لە ناو کۆمەڵگای خۆیشماندا لەم ئافەتە و نەخۆشینە بێ بەری نیە، بۆ نمونە ئەگەر کچێک شو بکات لەبەر ئەوەی کە بە سوکی سەیری نەکەن و لە لایەن بنەماڵەی مێردەکەیەوە تەحقیر نەبێت بە نابەدڵی پێی خۆشە کە منداڵەکەی کە لەدایک ئەبێت کور بێت.
زۆربەی بنە ماڵەکان لە نێو گوند و شاردا پێیان خۆش نیە کە تەلەفونی ماڵیان هەبێت لەبەر ئەوەی کە کچێکیان هەیە، هەروەها لە زۆربەی گوندەکاندا لە دوای تەواو کردنی خوێندنی سەرەتایی ئەگەر خوێندنگای ناوەندی یا دواناوەندی نەبێت رێگا بە کچان نادرێت بۆ درێژەدان بە خوێندن هاتو و چوی گوندێکی تر یان شارەکان بکەن. ئەگەر بنەماڵەیەک پیاوەکەی نەمابێت ئەرکی سەرپەرشتیاری منداڵەکان لە ئەستۆی دایکدایە، لە کاتی ژن هاوردن بۆ کورەکەی ماڵی کچ رازی نابن ئەو ژنە داخوازی کچەکەیان بێت.

ئەبێ گەورەپیاوان داخوازی کەر بن لە ڕوانگەی بنەماڵەی ئەو کچەدا بە سوکی ئەزانن ژنێک خوازبێنی کەری کچەکەیان بێت چونکە ژن بە نیوەی پیاو دائەنێن.
لە کاتی داخوازی کردنیشدا زۆربەی ماڵان بۆ ئەوەی گەورەیی بنەماڵەیی خۆیان نیشان بدەن داوای حەقی شیربایی ئەکەن، ئەگەرچی ژیانی کچەکە زۆر ئاڵۆز و ناخۆش ئەکات هەمو کات لە لایەن ماڵە خەزورانیەوە پێی ئەوترێتەوە، و لە هەردو حاڵ دا ئەم کچە بەرهەڵستی تاوان ئەبێتەوە.
ژن بەژن یەکێکی ترە لەو دیاردە ناشیرینانە کە گیانی زۆرێک لە ئافرەتانی کۆمەڵگای ئێمەی گرتوە.
لە یەکێک لە لادێکانی کوردستاندا پیاوێک کە تەمەنی زیاتر لە ٥٠ ساڵە کچەکەی خۆی ئەدات بە کوڕێک و خوشکی ئەو کوڕەش دێنێت بۆ خۆی. ئەگەر چی کچی ئەم پیاوە حەز لە مێردەکەی ناکات بە ناچاری ئەمەی قەبوڵ کردوە و مەرگی پێ خۆشترە تاوەکو لەگەڵ ئەودا بژیەت. بۆیە زۆر جاران لە کاتی نزیکی کردنی مێردەکەی، ئەبێت لێدانێک بخوات تاکو ڕازی بێت سیکسی لەگەڵ بکات. زۆر جار پەنا دەباتەوە ماڵی باوکی بەڵام لەوێیش خوشکی مێردەکەی باوەژنیەتی هێندە خراپن لەگەڵی لەویش ناحەوێتەوە ئەگەر زۆریش بمێنێتەوە باوەژنەکەی ئەتۆرێت. بۆیە باوکی کچ بە لێدان تا ماڵی مێردەکەی ئەیباتەوە. ئەمە ژیانی ئەو کچەیە، پڕ لە چەرمەسەری و ناخۆشی، هیچ قانون و یاسایەکیش لەو کۆمەڵگایە پشتگیری نیە، نە حەقی تەڵاقی بەدەستە و نە زۆری بەسەر باوکیا ئەچێت. بۆیە مەرگ و کۆتایی هێنان بەەم ژیانە دوایین ڕێگا چارەی ئەوە.
ئەمانە هەندێک لەو هۆکارانەن کە بڵێسەدەری ئاوری خۆسوتاندنی ژنانی بێتاوانی کۆمەڵگای ئێمەن. با پێکەوە هەوڵ بۆ کوژانەوەی ئەو ئاورە بدەین و چی تر ئەو کارەساتە دڵتەزێنانە دڵی مرۆڤدۆستان نەهاژێنی.
چونکە ئافرەت پێکهێنەری کۆمەڵگایە